پاشماوەی لاپەڕەی 6

# دەوری ژنان لە ڕێبەرایەتی...

...مرۆڤایەتی توانیویانە ڕێگەی گەیشتن بە ئامانجەکانمان بپێون و ببنە مەشخەڵێك بۆ ئێمەی ژن. ڕادەی بەشداربوونی ژنان لە ژیانی سیاسیی حیزبایەتیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو حیزبە تا چەندە باوەڕی بە یەکسانی ژن و پیاو و ئازادی هەیە. سازمانی خەبات ئەگەر چی لە بەر هەل و مەرجە نالەبارەکان لەو پێوەندییەدا بە گوێرەی پێویست نەچۆتە پێش، بەڵام یەکێك لە ئامانجە هەرە گرینگەکانی، گرینگی دان بە بەشداریی ژنانە لە دەسەڵاتی سیاسی دا."

هەروەها، خاتوو هێرۆ جەڵدیانی، بەڕێوەبەری یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەڕای گیروگرفتی کۆمەڵایەتی، ئاماژەی بە کێشە بنەماڵەییەکانی ژنان بۆ لاوازیی بەشداربوونیان لە گۆڕەپانە سیاسییەکاندا کرد و وتی:"هۆیەکانی دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کە کێشە کۆمەڵایەتی و بنەماڵەییەکان وای لێدەکات کە کەمتر بتوانێ بەشداری لە ژیانی سیاسی بکا. هەمیشە سۆز و خۆشەویستیی زۆرترە نیسبەت بە خۆی و بنەماڵە و دەوروبەری، هەست بە بەرپرسیارییەتی کردنی لە بەرانبەری بنەماڵە زۆرتربووە و هەمیشە دژ بە شەڕ وەستاوە، ئەم هۆیانە وای لێدەکات بیر لە ژیانی سیاسی نەکاتەوە و لە لایەکی دیکەوە پیاوەکان دەستیان ئاوەڵەترە و زۆرتر لە دەرەوەی ماڵدان.

پاشان، خاتوو کوێستان فتووحی ئەو مەسەلەیەی بۆ کۆمەڵێك هۆکار گەڕاندەوە کە پێکەوە گرێ دراون و ئاماژەیدا کە:" هۆکاری سەرەکی، کولتووری کۆمەڵگەی کوردستانە. چوونە ناو بواری ژیانی سیاسی و پێشمەرگایەتی بۆ ژنان بەشیاو نەزانراوە. سیاسەت و پێشمەرگایەتی لە فەرهەنگ و کولتووری کۆمەڵگای کوردستاندا زۆرتر بە کاری پیاوان دانراون. ئەم ڕوانینە سوننەتییە لە ڕابردوودا وای کردبوو کە ژنان لە ڕەوتی چالاکی سیاسی‌دا کەمتر حزووریان هەبێ، ئەم تێگەیشتنەش بەسەر بیرو ڕوانگەی حیزبەکاندا زاڵ بووە، کۆمەڵ باوەڕی بە هێزو توانای ژنان نەبووە و نیە. پاشان قەوارەی تەشکیلاتی بەشی زۆری حیزبەکان بە شێوەیەك بووە کە کەمتر ژنانیان جەزبی ڕیزەکانی خۆیان کردووە. سیستەمی پیاوسالاری زاڵ بووە بەسەر قەوارەی تەشکیلاتی ئەو حیزبانەدا و کەمتر بایەخیان بە پرسی ژنان داوە، حیزبێکیش کە بایەخ بە پرس و گرفتەکانی ژنانی کۆمەڵگاکەی نەدا، بێگومان ژنیش ڕووی تێناکا.

هەروەها خاتوو فەریبا محەممەدی، تیشکی خستە سەر کاریگەرییەکانی" ئەرکی منداڵداریی ژنان و وتی:" ژنان ئەرکی زیاتر لەپیاوانیان لەسەر شان بووە. هەر دایکایەتی کە شانازییەکی گەورەیە بۆ ژن، کۆسپ بووە لەسەر ڕێی ئەم کارەدا، چونکە دایك لەبەرامبەر منداڵەکەیدا زیاتر هەست بە بەرپرسیارەتی دەکا تاکوو پیاو. ئەمانە وایان کردووە ژنان کەمتر ڕوو لە کاری سیاسی و حیزبایەتی بکەن."

بەڵام، فەریبا محەممەدی، دەوری مەزهەب و پەردەردە بەسەر کۆمەڵگادا و هاوکات، لە تاراوگە بوونی حیزبە کوردییەکانی، بە بەربەست و هۆکاری لاوازیی بەشداریی ژنان لە کاروباری سیاسیدا زانی و وتی:" من لەم نێوانەدا، چەند هۆ ئەبینم: یەکەم، ئەوەی کە حیزبەکانی ئێمە لە ئێستادا لە تاراوگەن و لە ناو خۆدی خەڵکەکە نین. ئەوە ئەتوانی زۆر کاریگەر بێ، چۆنکە ژن ناتوانێ بە ئاسانی و بەو جۆرەی کە پیاوێک ئەتوانێ، ببێ بە پێشمەرگە و ڕەنگە گەڕانەوەی ژنان بۆ ئەو دیو بۆ لای بنەماڵە و کەس و کاریان لە ناوخۆی وڵات لە پیاوان دژوارتر بێ. بەشێکیتریش سەرچاوە لەوە دەگرێ کە کۆمەڵگای ئێمە، کۆمەڵگایەکی پیاوسالارە، کۆمەڵگایەکە کە مەزهەب تێیدا قسەی یەکەم ئەکا."

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا، خاتوو فەریبا محەممەدی ئاماژەی بە کاریگەری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە سەر ژنان و جۆری هەڵسوکەوت و بارهێنانی ژنان لە حیزبەکاندا کرد و گوتی:" نزیک بە سی ساڵە ڕێژیمێک لە سەر کارە کە دژی ژنە و سیاسەتەکانی کاریگەریی نگەتیڤی بەسەریاندا هەبووە، وای کردووە کە ژنان نەتوانن لە ئاستی پیاواندا بن، چۆنکە ئەگەر سەیر ئەکەی تەنانەت لە پەروەردە و شوێنەکانی دیکەشدا ژن و پیاو هیچکامیان لە ئاستێکدا نین و ناتوانی ژن لە ئاستی پیاودا ببینی. کاتێکیش ڕێژەیەکی کەم لە ژنان ڕوو دەکەنە حیزبەکان، بەداخەوە بارهێنان و پەروەردە تێیاندا کەمە و زۆرجار دەبێتە هۆی ئەوە کە ژن نەتوانێ بە پێی پێویست گەشە بکا و لە مەسایلی سیاسیدا بەشدار بێت."

ناوبراو لە کۆتایی قسەکانیدا، پیاوانی بە بێبەزەیی تاوانبار کرد و ژنانیشی لە گەشە نەکردنیاندا بێتاوان ناساند و وتی:" هەمیشە ئەوە ئەڵێم پیاو (بێرەحمە) بۆیە لە حیزب و لە دەسەڵاتیشدا هەر ئەوە ئەکەن. ژنێک کە هەر لە منداڵییەوە بە لاوازی باری دێنن و فێری ئەکەن: تۆ ڕەگەزی دووهەمی و کەمتری لە کوڕ و لە پەروەردەیەکی بەداخەوە هەڵە و پڕ لە هەڵاواردندا گەورە ئەبێ و لە لایەکی دیکەشەوە لە کۆمەڵگایەکدا کە بە فەرهەنگی پیاوسالاری و بە مەزهەب و بە هەموو داب و نەریتە کۆنەکانەوە باردێنن، دەتوانێ بە پێی ئاستی پێویست گەشە بکا!؟"

هەروەها، هامنۆ نەقشبەندی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی PAK و بەرپرسی ڕێکخراوی ئازادیی ژنانی کوردستان، جەختی لەسەر کاریگەریی نێگەتیڤی کۆمەڵگا بەسەر ژیانی حیزبایەتییەوە کردەوە و وتی:" هەر وەکوو پێشتریش ئاماژەم پێکرد، دەوری ژنان لە حیزبەکاندا نموونەیەکە لە دەوری ژنان لە کۆمەڵگادا. هێشتا ژنی کورد بە هۆی هۆکارگەلی سیاسی، کلتووری و ئایینییەوە ماف و ئازادی و دەوری یەکسانی لەگەڵ پیاودا نییە. هەربۆیە لە ژیانی سیاسی و حیزبایەتیشدا ڕەنگدانەوەی هەبووە و دەبینین کە هەر بەو شێوەیە. ئەمە بە دواکەوتوویی بەحیساب دێ و بە بڕوای من کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەبێ سیمایەکی ئینسانی تر بەخۆوە بگرێ و هیچ جۆرە جیاوازی دانان و هەڵاواردنێک لە ماف و ئەرکەکاندا لە نێوان ژنان و پیاواندا نەمێنێ و مرۆڤسالاری جێی هەڵاواردنی ڕەگەزی بگرێتەوە."

ناهید حسەینی، بڕوای وابوو کە:" ژنان، نەک تەنیا لە بواری سیاسیدا بەڵکوو لە زۆربەی بوارەکاندا دواکەوتوون." بەم شێوەیەش باسی لە هۆکارەکانی کرد:" ئەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی پیاوسالاری لە ڕۆژهەڵاتی ناوڕاستدا بەگشتی و کۆمەڵگای کوردەواری بەتایبەتی. ئێمە هەڵگری نەریتێکین کە بە هەموو شێوەکانی غەدری لە ژن کردووە و بە هیچ شێوەیەک نەیهێشتووە ژن لە چێشتخانە بێتە دەرەوە. ژنەکان خۆشیان چالاکییەکانیان خستووەتە پلەی دووهەم: لەپێشدا مێرد و منداڵ، ئینجا کار و ڕشتەی سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و... هتد. من ئەوە ئەیگەڕێنمەوە بۆ ئەو کلتوورە نادادپەروەرانە کە بەسەرماندا سەپاوە، لە باوکەوە بۆ برا، بۆ مێرد و تەنانەت بۆ کوڕیش. جۆرێک لە دەسەڵاتی پیاو سالاری لە کوڕیشدا هەیە بەرانبەر بە دایک و بەرانبەر بە خۆشک."

بەشی کۆتایی دیمانەکە، تەرخان کرابوو بۆ باس لەسەر کەمترخەمیی ژنان بۆ خۆپێگەیاندن لە بوارە جیاجیاکاندا. خاتوو ناهید تیشکی خستەسەر ئەو بابەتە و وتی:" ژن خۆیشی تەمبەڵە، یانی ژنەکان خۆیشیان حەوڵێکی وایان نەداوە بۆ ئەوەی کە خۆیان پێ بگەیەنن. تۆ ئەبینی یەکێتی ناو ژنانی هەموو حیزبەکان بە حیزبی دیموکراتیشەوە، چالاکییەکی وایان نەبووە بتوانن هەنگاوێک هەڵبگرن کە لە ناو کۆمەڵدا وەکوو جیلێکی ئەکتیڤ دیار بن."

# کۆچی دوایی دایکی شەهیدێکی PAK

بەپێی هەواڵی ماڵپەڕی pazadik ، خاتوو "عیسمەت زینەتی" دایکی شەهید "حسەین بانەزێری" بە هۆی نەخۆشی لە نەخۆشخانەی سەلاحەدین ئەیوبی لە شاری بانە کۆچی دوایی دەکا.

بۆ کوردستان پرسە و سەرەخۆشی پێشکەشی کەس و کار و کوڕ و نەوەکانی خوا لێخۆشبوو خاتوو عیسمەت زینەتی دەکا و خۆ بە هاوبەشی خەم و پەژارەیان دەزانێ.

شایانی باسە حسەین بانەزێڕی ئەندامی پارتی ئازادیی کوردستان و یەک لە ئەندامانی دەستە پارتیزانەکانی PAK ، ڕۆژی 2006/6/26 لە شاری پێنجوێنی باشووری کوردستان لە لایان تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامییەوە لەگەڵ هەڤاڵێکی دیکەیدا تیرۆر کران.

پاشماوەی لاپەڕەی 3

# ماڵپەڕە سەربەخۆکان لە...

... بە هەمان شێوە، فەریبۆرز کرماشانی، وای بۆ دەچوو کە بوونی هێندێک ماڵپەڕ خزمەتە بە دوژمنانی کورد و ڕایگەیاند:"ئەو ماڵپەڕانەی کار بەو مێتۆدە دەکەن، تەنیا خزمەت بە دوژمنانی کورد و یەک لەوان کۆماری ئیسلامیی ئێران دەکەن. نامەوێ ناوی هیچ ماڵپەڕێک بەرم، بەڵام ماڵپەڕی وامان هەیە دەبێ بڵێم کە گومانم لە چۆنیەتی هەبوونی هەیە و بوونیشی بەلای منەوە تەنیا خزمەتکردنە بە هەڵوێستەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژی کورد."

ناوبراو نەیشاردەوە کە:" خەوشدارکردنی کەسایەتییەکان و دنەدان و تیژکردنی کێشەکانی نێو حیزبەکان، ئێستا لە لایان هێندێک ماڵپەڕەوە دەبینرێ. ئەمە دەورێکی زۆرخراپە و ئاکامی خراپی لەسەر تاکەکان و کۆمەڵگا هەیە."

لە باسی دەربەستیی ماڵپەڕەکاندا، سۆران پاڵانی، خوێندکار و ڕۆژنامەوانی ئازاد، باس لە بۆشایی یاسای تایبەت بە چالاکیی ماڵپەڕە ئەنترنێتییەکان دەکا و دەڵێ:" دەبێ دیسیپلینێکی ئەخلاقی هەبێت. یانی شتی وا کە دەبێتە هۆی وروژاندن و ناوزڕاندی تاکە کەسێک بڵاو نەکەینەوە، دەنا شتێک نییە کە تۆ پشتی پێ ببەستی. یەکێک لە خاڵەکانی ئازادیی ڕادەربڕین ئەوەیە کە نابێ پێش بە بیروبۆچوونی کەسانی تر بگری، بۆیە مێدیای ئازاد بەرپرسیارە بەرانبەر بەو بۆچوونە ئازادانەی کە لە کۆمەڵگادا بوونیان هەیە. مێدیا ئازادە هەر شتێک کە بۆنی بۆچوونی ئازادی لێوە هات بڵاوی بکاتەوە."

خەلیل غەزەڵی، ڕۆژنامەوان و چالاکی سیاسیی سەربەخۆ و ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی ماڵپەڕی "هەڵوێست"، بێدەربەستیی بە واتای "بێپرێنسیپی" دەزانێ:" چۆن دەبێ ماڵپەڕ یان هەر شتێک کە کاری فەرهەنگی و پەروەردە دەکات بەدەربەست نەبێ؟ بەدەربەست نەبوون، مانای گوێ نەدانە بەو پرێنسیپانەی کە ماڵپەڕەکە بۆ خۆی داناوە. لەوەش خراپتر کاتێک ئێمە پێبەند بە شتێک نەبین، ئەی لەسەر چ ڕێباز و پرۆگرام و بەرنامەیەک خۆمان و ماڵپەڕەکەمان بەڕیوە دەبەین؟"

بێهرۆز ئەردەڵان، بە باشتری دەزانێ کە "یاسایەك هەبێ بۆ ماڵپەڕەکان و ئەو یاسایەش، یاسایەکی مودێرن و هاوچەرخ بێ کە لەگەڵ ئازادیەکانی تایبەت بە کاری ڕاگەیاندن دژایەتیی نەبێ "

فەریبۆرز کرماشانی، جەختی لەسەر پێویستیی ڕەچاوکردنی پرێنسیپە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان کردەوە و وتی:" ماڵپەڕ دەبێ وەکوو هەموو دەزگاکانی دیکەی ڕاگەیاندن پابەندی هێندێک بنەما و پرێنسیپ بێ. دەبێ پابەند بێ بە یاسای ڕۆژنامەوانی کە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا پەسند کراوە. پاشانیش دەبێ پرێنسیپە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان لە بەرچاو بگیردرێ. "

پاشماوەی لاپەڕەی 1

# نا بۆ مەجلیسی داگیرکەر...

میراتی بنەماڵەی پەهلەوی لە پاراستنی ئەم دەوڵەتە بۆ خومەینی و دارودەستەکەی مایەوە، بەو جیاوازییەوە کە ئەو حکوومەتی پاشایەتیی ڕەها بوو و ئەم حکوومەتی ڕەهای"فقیه".

لە دروستکردنی ئەم دەوڵەتەدا کورد نەک هەر بەشدار نەبوو، بەڵکوو شۆڕشی خوێناویی لە دژ هەڵگیرساند. شۆڕشی 20 ساڵەی گەورەسەرکردەی کورد سمایل ئاغای سمکۆ لە سەرەتای سەدەی ڕابردوو و دامەزراندی کۆماری کوردستان لە نێوڕاستەکانی سەدەدا، بۆ هەڵتەکاندنی ئەو دەوڵەتە ناشەرعییە بوو کە نێوی نرابوو "ایران".

بۆیە تا کاتێ کە کورد لە "سەروەریی"ئێراندا بەشدار نەبێ و بەپێی سەنگی خۆی ماف و ئازادیی نەتەوەیی نەبێ، یان هەڵبژاردنێکی دیموکراتی بۆ گۆڕان لەم قەوارە و سیستەمە سیاسییەدا لە ژێر چاودێریی نێودەوڵەتیدا نەبێ، هەرجۆرە بەشدارییەک لە بەو هەڵبژاردنەکان و بەشداری لە دەسەڵاتی ناڕەوای کۆماری ئیسلامی، گەرمکردنی بازاڕی پڕفرت و فێڵی داگیرکەران و بەشداریکردن لە بە کۆیلە هێشتنەوەی نەتەوەکەمانە.

ئەمڕۆ ئەگەر کەمتەرخەمی و لاوازیی هێزە سیاسییەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان نەبایە و بەرەیەکی کوردستانی ڕێبەرایەتیی ئەم بزاڤەی لە دەست بایە، دەبوو، حکوومەت و پارڵمانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دەرەوەی وڵاتدا وەک جێگرەوە(ئاڵترناتیڤ)ی حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی و هێمای سەروەریی سیاسیی کورد، پێکهاتبا و خەباتی بۆ هەڵگرتنی سەروەریی داگیرکەر و ئەستاندنی سەروەریی نەتەوەیی کورد کردبا.

کەواتە، ئەرکی نەتەوەیی ڕۆڵەکانی کوردستانە کە هەرجۆرە شانۆگەرییەکی دەوڵەتی ناشەرعیی ئێران و حکوومەتی ویلایەتی فەقیهی تەحریم بکەن و نەهێڵن کۆماری ئیسلامی بە دەنگی ئەوان شەرعیەتی دەسەڵاتداریی خۆی بسەلمێنێ.

بڕی خەبات لە پێناو سەروەریی نەتەوەییدا. نا بۆ سەروەریی داگیرکەر، نا بۆ شانۆگەریی هەڵبژاردن.

پاشماوەی ڕەوژەن

# کۆنگرەی PAK ...

...هەروەها نووسەری ئەم دێڕانە یەکێ لە ئەندامانی دەستەی ئامادەکار و دواتریش بە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەریی کۆنگرە هەڵبژێردرایەوە.

ئەم پێکهاتەیە بەپێی بنەمای نوێنەرایەتی ئەندامانی PAK بۆ کۆنگرە پێکنەهاتبوو. ئەوەش بە هەڵکەوت نەبوو و کارێکی وشیارانە و ئەنقەست بوو. لەمەیاندا بنەمای " دێموکراسی ڕاستەوخۆ" ، پەیڕەو کرا. واتا هەموو ئەندامانی ڕیزەکانی PAK کە پێیان دەکرا ئەو دەرەتانەیان هەبوو بێنە کۆنگرەوە، مافی ئەوەیان پێدرا بوو. بێجگە لەو پێشمەرگانەی ئەرکی پاراستنی شوێنی کۆنگرەکەیان لەسەر شان بوو و ئەوانەی لە ماوەی ئەو دوو ڕۆژەدا کاروباری ئامادە سازی خواردن وپێویستیەکانیتریان لەسەر شان بوو و ئەوانەی لە بنکەکانی دیکەدا مابوونەوە، مافی بەشداریی لە کۆنگرە بە هەمووان درابوو.

لە ڕێکخستنەکانی نهێنی لە بەر بارودۆخی تایبەت بە خۆیان ڕێژەیەکی زۆر کەم هاتبوونە کۆنگرەوە و لە دەرەوەی وڵاتیش لە ڕێکخستنەکانی ئەمریکا و ئورووپا هەموو تێکۆشەرانی PAK نەیانتوانیبوو بگەڕێنەوە کوردستان و جێگای ئەوان لە کۆنگرەدا دیار بوو. ژمارەیەک لەوان لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری PAK وخەباتگێری ڕۆژە سەختەکانی خەباتی PAK ن. بەشێك لە هۆکاری ئەوەش، ئەوە بوو کە بە هۆی دوو ڕوداوی تێرۆر کرانی 2 ئەندامی PAK لە پێنجوێن و هەروەها گیان بەختکردنی کوردەوانی جوانەمەرگ لە پێکدادانی ئۆتۆمبێلدا، گۆڕانکاری بەسەر کاتی بەڕێوەچوونی کۆنگرەدا هات .(یادی ئەو شەهیدانە و هەموو شەهیدانی ڕێگای کوردایەتی بە خێر و ڕۆحیان بە بەهەشتی نەمریی شاد بێ.)

بەڵام ئەو هەڤاڵە بەنرخانەمان، بەناردنی بۆچوون و پێشنیارەکانیان لە سەر بەڵگەنامەکانی کۆنگرە و بە پێوەندیی بەردەوام و بە دواداچوونی کارەکانی کۆنگرە، بەدڵ و بە بیر لەگەڵمان بوون. بە ئاواتی ئەوەی دووریی مەکانیمان لەیەک و لە هەموو خۆشەویستانی دەرەوە و ناوەوەی وڵاتە داگیرکراوەکەمان،بە ڕزگاریی یەکجاریی کوردستان کۆتایی بێ.

درێژەی هەیە.